# اثر استراتيجية توجيه التفكير (DRTA) في تنمية القراءة الابداعية عند الطلاب الصف الحادي عشر الاعدادي في مادة اللغة والادب الكردي

**مصطفى سردار الجاف**
Mostafa.Faeq2306m@ircoedu.uobaghdad.edu.iq
**أ. علي داود جوامير**
**جامعة بغداد / كلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية**

**الملخص**

يرمي البحث الحالي إلى معرفة **(اثر استراتيجية توجيه التفكير (DRTA) في تنمية القراءة الابداعية عند الطلاب الصف الحادي عشر لمادة اللغة والادب الكردي )** ولتحقق من هدف البحث.

١. الفرضية الصفرية الأولى **((لا يوجد فرق ذو دلالة إحصائية عند مستوى دلالة(٠،٠٥) بين متوسط درجات طلاب** المجموعة التجريبية الذين يدرسون مادة **اللغة والادب الكردي** على وفق استراتيجية توجيه التفكير (DRTA) وبين متوسط درجات طلاب المجموعة الضابطة الذين يدرسون المادة ذاتها على وفق الطريقة الاعتيادية في تنمية القراءة الابداعية .

وتمثل مجتمع البحث الحالي بطلاب الصف الحادي عشر في المدارس الثانوية والاعدادية الحكومية التابعة للمديرية العامة لتربية /كركوك / الدراسة الكردية للعام الدراسي (٢٠٢٤م – ٢٠٢٥م)، وتم اختيار اعدادية (لورستان) للبنين قصديا وبطريقة السحب العشوائي اختار الباحث شعبة (أ) لتمثل المجموعة التجريبية ، وشعبة(ب) لتمثل المجموعة الضابطة بلغ عدد طلاب المجموعتين (٥٧) طالباً, إذ ضمت المجموعة التجريبية (٢٨) طالباً, وضمت المجموعة الضابطة (٢٩) طالباً ، وبعد أن استبعد الباحث الطلاب الراسبين ، وهم (٣) من المجموعة التجريبية، و (٤) من المجموعة الضابطة , علماً أنهم استبعدوا من النتائج النهائية فقط, إذ أبقى الباحث عليهم في داخل الصف حفاظاً على النظام المدرسي، حيث بلغ عدد الطلاب النهائي (٥٠) طالباً, درس الباحث بنفسه مجموعتي البحث وكافأ مجموعتي البحث في عدد من المتغيرات منها(العمر الزمني للطلاب محسوباً بالشهور، التحصيل الدراسي للآباء، التحصيل الدراسي للأمهات، درجات الاختبار القبلي في اختبار القراءة الابداعية، درجات الاختبار القبلي في ، درجات اختبار القدرة اللغوية)

**الكلمات المفتاحية: استراتيجية توجيه التفكير (DRTA) مادة اللغة والادب الكردي تنمية القراءة الابداعية.**

## The Effect of the DRTA (Directed Reading Thinking Activity) Strategy on Developing Creative Reading Among Eleventh Grade Students in Kurdish Language and Literature

**Mustafa Sardar Al-Jaf**

**Prof. Ali Dawood Jawamir**

**Abstract**

The present study aims to investigate the effect of the Directed Reading Thinking Activity (DRTA) Strategy on the development of creative reading among eleventh-grade students in the Kurdish language and literature subject.

To achieve the study objectives,

1. There is no statistically significant difference at the level of significance (0.05) between the mean scores of the experimental group students taught using the DRTA strategy and the control group students taught using the traditional method in developing creative reading.

The research community consisted of eleventh-grade students in public secondary and preparatory schools affiliated with the General Directorate of Education in Kirkuk / Kurdish study for the academic year (2024–2025). The researcher intentionally selected Lorstan Preparatory School for Boys, and by random selection, Section (A) was chosen as the experimental group, and Section (B) as the control group. The total number of students in both groups is 57 — 28 in the experimental group and 29 in the control group. After excluding failing students — 3 from the experimental group and 4 from the control group (excluded only from final results but kept in class to maintain order) — the final sample is 50 students.The researcher personally taught both groups and ensured equivalency in several variables such as: (students' age in

months, parents’ academic achievement, pretest scores in creative reading and critical thinking, and language proficiency test scores).

**کاریگەریی ستراتیژییەتی ئاراستەکردنی بیرکردنەوەی (DRTA) لەسەر گەشەپێدانی خوێندنەوەی داهێنەرانە لەلای فێرخوازانی پۆلی یازدەیەمی ئامادەییدا لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردیدا**

## بەشی یەکەم
## پێناسەی توێژینەوەکە

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە :-**

جیهانی ئەمڕۆ بەوە ناسراوە کە جیهانێکە و بە خێرایی لە گۆڕان و نوێبوونەوەدایە، جیهانێك لەسەر وەبەرهێنانی نوێسازی و داهێنان و زانین و پیشەسازی و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان و پەیوەندیکردن و توێژینەوە زانستییەکان ڕاوەستاوە، پێداویستییەکانی ئەم جیهانە خێرایە و ئاڵەنگارییە ئایندەییەکانی ئەوە لەسەر دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردن و پرۆگرامسازییەکانی دەسەپێنن کە قوتابییەك لە جۆری نوێ ئامادە بکەن، قوتابییەکی داهێنەرو خاوەن بیرکردنەوە و تێڕامان و شیکردنەوە و شرۆڤەکردن و کنەکاری و بەشوێنداگەڕان و ڕەخنەگرتن بێت، خاوەنی تێڕوانینێك بێت، فەلسەفەی تایبەت بە خۆی هەبێت، باوەڕ بە هەموو شتێك نەکات کە دەگوترێت و گوێی لێ دەبێت، خۆی ڕادەستی هەموو شتێك نەکات کە دەیانخوێنێتەوە، قوتابییەکی شارەزا بە ڕۆشنبیرییەکەی و ئاگاداری کەلتوور و ڕۆشنبیریی ئەوانەی دیکە بێت، قوتابییەکی بەرهەمهێنەری زانین، نەك بەکاربەرێکی نەرێنیی زانین بێت.

زمانی کوردی، هاوشێوەی زمانەکانی دیکە کە ئاستەنگ و کۆسپ و لەمپەری تایبەت بە خۆی هەیە و ئەوانەی پێی دەدوێن و پێیشی نادوێن لە فێربوون و وتنەوەیدا، ڕووبەڕووی کێشە و ئاڵەنگاریی زۆر دەبنەوە، لە دیارترینی ئەو کۆسپ و لەمپەر و ئاڵەنگاریانەش بە هۆی نەبوونی شێوەزا ڕێکی یەکگرتووی ستانداردەوەیە، لەبەرئەوەی وەك دەزانین زمانی کوردی بۆ چەندین زارو بن زار (شێوەزار) دابەش بووە و هەر شێوەزارێکیش لەگەڵ ئەوەی دیکەدا جیاوازییان هەیە، هەروەها یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانی گرفتی فێربوونی زمانی کوردی بوونی قوتابخانە ناحکومییەکانە، ئەوانەی زیاتر لە زمانێکی بێگانە دەخوێنن و زیاتر بایەخ بە زمانە بیانییەکان دەدەن، بە جۆرێك زمانی کوردی بووە بە زمانێکی لاوەکی، هەروەها بایەخدانی نەوەی ئێستا بە کەلتوور و ڕۆشنبیریی بیانی و تێکەڵکردنی وشەی بیانی لەگەڵ زمانی کوردی، ئەمەش وایکردووە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زمانی کوردی لاوازتر بێت.

وێڕای بایەخی زمانی کوردی، لە سۆنگەی ئەوەی زمانێکی بنەڕەتییە لە عێراق بە گشتی و لە هەرێمی کوردستانیش بە تایبەتی، دەبینین واقعی کردەیی بۆ فێربوون و وتنەوەی تا ئێستا

ڕووبەڕووی ئاڵەنگاری و چەقبەستن و بێزاری دەبێتەوە، هەڵبەتە ئەوەش بە هۆی بەکارهێنانی ڕێگەی ئاسایی زۆربەی ئەوانەی وانەکە دەڵێنەوە و لاوازیی پرۆگرامەکانی خوێندن و فێرکردن و بەکارنەهێنانی ستراتیژییەتی هاوچەرخ و کاراو کاریگەر، ئەمەش بۆتە مایەی لاوازکردنی ئاستی بەدەستهێنانی دەستکەوت لەم بابەتە، هەڵبەتە ئەم لایەنەش زیاتر لەو لێکۆڵینەوە ناوخۆییانە جەختی لەسەر کراوەتەوە و دەکرێت کە لە عێراقدا ئەنجامدراون، وەکو لێکۆڵینەوەکەی (عبێد، ٢٠٢١) و لێکۆڵینەوەکەی (احمد، ٢٠٢٣)، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، پشتگوێ خستنی هەڵبژاردنی ڕێگەی وانەوتنەوەی نوێ، بە زۆری دەبێتە مایەی گۆڕینی قوتابی بۆ مرۆڤێکی خودکارو ڕۆبۆتی، کە هیچ توانای ڕەخنەگرتن، یان بیرکردنەوە، یاخود داهێنانی نەبێت، چونکە مامۆستا لە کاتی دەستنیشانکراو، توانای پێدانی زانیاریی تەواوی نییە، ئەمەش پێویستیی بە ڕاڤەکردنێکی کورت و پوختکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبی قوتابخانە هەیە، زۆربەی مامۆستایانی زمانی کوردیش لە ڕێگەی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە توێژەر لەگەڵیان ئەنجامی داوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە بەوەی هۆی دابەزینی گەشەپێدانی داهێنان و بیرۆکەکانیان دەگەڕێننەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار دیارترینیان: پابەندبوونی مامۆستای بابەتی زمانی کوردی بە ڕێگە کۆن و ئاساییەکانەوەیە، کە ئەویش بریتییە لە هزردان (التلقین) و ئەزبەرکردن (الحفظ) و مامۆستا خۆی تەوەری پرۆسە و کرداری فێربوونەکەیە، نەك قوتابی، هەڵبەتە ئەمەش وا لە قوتابی دەکات لە خوێندنەوەی دەق و تێکستی زمانی کوردی و تێگەیشتنی لاواز بێت، چونکە سەرچاوەی فێربوونی سەرنجڕاکێشی ئەوتۆی نییە، وەکو وێنە لە دەقەکانی خوێندنەوەو کەمی جەختکردنەوە لە خوێندنەوەی زمانی کوردی بە هۆی زۆری ژمارەی قوتابییان لە ناو پۆل کە دەگاتە سی و هەشت قوتابی و زیاتریش لەناو یەك پۆلی خوێندندا و بەکارنەهێنانی ستراتیژییە هاوچەرخەکانی فێربوون.

لێرەوە توێژەر پێیوایە کە دەبێ پشت بە ستراتیژییە هاوچەرخەکانی فێربوون و پیادەو جێبەجێکردنیان ببەسترێت کە لە فەلسەفەی بونیادییەوە سەرچاوە دەگرن و کاریگەریی گەورەیان لەسەر گەشەپێدانی بیرکردنەوە و خوێندنەوەی داهێنەرانە هەیە، بەو هیوایەی ئەم توێژینەوەیە بەشدارییە ك بێت لە پەرەپێدانی وتنەوەی بابەتی زمانی کوردی، بەمەش گرفتی توێژینەوەکە خۆی لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی خوارەوەدا بینییەوە:

ئایا ستراتیژییەتی بیرکردنەوە (DRTA) کاریگەریی لە سەر گەشەپێدانی خوێندنەوەی داهێنەرانە و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لای قوتابییانی پۆلی یانزەیەم هەیە؟

**دووەم- گرنگی توێژینەوە:**

ئاڕاستەو ڕێنماییەکانی ئەمڕۆکەی پەروەردە لەوانەی پێش خۆی جیاوازترە، دوای ئەوەی جاران پەروەردەیەکی هزردادان -التلقین- بوو، ئەمڕۆکە ڕێگەی چارەسەرکردنی گرفتەکانی وەکو

ڕێگەیەك بۆ گەشەپێدانی عەقڵ و گەشەپێدانی داهێنان گرتۆتەبەر، سەرنج و ڕوانینی لە ئاسۆوە بەرەو پەرەپێدان و باشترکردن ئاراستە کردووە، نەك گۆڕینی، بە جۆرێك پەروەردە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە داهێنان و قۆستنەوە و خستنەگەڕی وزە و تواناکانی مرۆڤەوە هەیە بە سەرجەم لایەنەکانییەوە، نەك تەنها لایەنێکی دیاریکراوی، چونکە دوای ئەوەی پەروەردەی کۆن تەنها بایەخی بە لایەنی زانین (المعرفی) دەدا، ئەمڕۆکە بایەخ بە گەشەپێدانی سەرجەم لایەنە کەسێتییەکانی قوتابیش دەدات.

لە سایەی ئەم پەرەسەندنەدا، بەرپرسیارێتییەکی گرنگ، کەوتۆتە سەر دەزگا پەروەردەییەکان کە بریتین لە ئامادەکردنی مامۆستاو توانای مرۆیی، بە جۆرێك توانای ڕێکردن و مامەڵەکردن و خۆگونجاندنی لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکیی بەردەوام و توانای خۆگونجاندنی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەدا هەبێت کە وا لە کۆمەڵگە دەخوازن کار لەسەر گەشەپێدانی ئەزموونی تاکەکانی و مشتوماڵکردنەوەی بەهرەکانیان بکرێت، سەرباری وروووژاندنی هاندان و پاڵنانیان لە پێناوی ئامادەکردنیان بە شێوەیەکی گشتگیرو تەواو، کە هەموو لایەنە ڕۆحی و عەقڵی و جەستەیی و کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەوە، بە جۆرێك لایەنێك بەسەر لایەنێکی دیکەیدا زاڵ نەبێت و ببنە تاکی سوودبەخش و بونیادنەر بۆ خۆیان و کۆمەڵگەکەشیان. (الحیلة، ٢٠٠٣،ل ١٩).

هەروەها ستراتیژییە هاوچەرخەکانی فێرکردن، دەبێ ئامانجی سەرەکییان ئەوە بێت، وا لە مامۆستا بکەن توانای لەسەر گەیاندنی زانین بە قوتابییەکانی بە جۆرێك بێت لەگەڵ توانا عەقڵییەکانیان و سرووشتی بابەتی خوێندراودا بگونجێت، بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە بێتەدی کە قوتابی کۆشش و تەقەللای بۆ دەدات بۆ گەیشتنی بە کەسایەتییەکی تەواو. (السامرائی ورائد، ٢٠١٤،ل ٥).

**لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی پێشکەش کرا، دەکرێ تێکڕای بایەخەکانی توێژینەوەکە لەمانەی خوارەوە پوخت بکرێتەوە:**

١. بایەخی پەروەردەیی بەوپێیەی بونیادی کەسێتیی تاك و پێکهێنانی ڕۆڵێتی لەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژێت و بە شێوەیەکی تەواو و لە سەرجەم لایەنە کەسێتییەکانییەوە (عەقڵی و جەستەیی و ڕۆحی و ویژدانی) بەشداری لە گەشەسەندنیدا دەکەن.

٢. بایەخی زمان بەوپێیەی ئامرازی پەیوەندیکردنی نێوان مرۆڤە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و زانستییەوە.

٣. بایەخی زمانی کوردی وەکو یەکێك لە زمانە فەرمییەکان لە عێراق.

٤. بایەخی خوێندنەوەو بیرکردنەوە بەوپێیەی مەبەستی بنەڕەتییە لە فێرکردن و وتنەوەو خوێندنی زمانی کوردی.

٥. بایەخی دەربڕین، لەبەرئەوەی مەبەستی بنەڕەتییە لە وتنەوەی وانەی زمانی کوردی.

٦. بایەخی قۆناغی یانزەیەم بەوپێیەی قۆناغێکی گرنگی گەشەی خێرایە کە کار دەکاتە سەر ئاڕاستەکانی قوتابییان و مەیل و ئارەزوو و کارامەییەکانیان، هەروەها بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە قۆناغەکانی فێرکردنی ناوەندی دادەنرێت.

**سێیەم- ئامانجەکانی توێژینەوە:**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا بریتییە لە:**

١. ((کاریگەریی ستراتیژییەتی ئاڕاستەی بیرکردنەوە **(DRTA)** لە گەشەپێدانی خوێندنەوەی داهێنەرانە لای قوتابییانی پۆلی یانزەیەم بۆ بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی).

٢. ((کاریگەریی ستراتیژییەتی ئاڕاستەی بیرکردنەوە **(DRTA)** لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لای قوتابییانی پۆلی یانزەیەم بۆ بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی)).

**چوارەم- هەردوو گریمانەی توێژینەوەکە:**

بۆ هێنانەدیی ئامانجی توێژینەوەکە توێژەر ئەم دوو گریمانە سفرییەی دارشتووە:

١. گریمانەی سفریی یەکەم ((نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی ئەوانەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردییان بەپێی سیتراتیژییەتی ئاڕاستەکردنی بیرکردنەوە (DRTA) خوێندووە و لە نێوان ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێندووە لە گەشەپێدانی خوێندنەوەی داهێنەرانە)).

٢. گریمانەی سفریی دووەم ((نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی، ئەوانەی زمان و ئەدەبی کوردییان بە پێی ستراتیژییەتی ئاڕاستەکردنی بیرکردنەوە (DRTA) و نێوان ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێند لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.

**پێنجەم- سنووری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بەمانەی خوارەوە دیاری دەکرێت:

- **سنووری بابەتی:** کاریگەریی ستراتیژییەتی بیرکردنەوە (DRTA) لە گەشەپێدانی خوێندنەوەی داهێنەرانەو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لای قوتابییانی پۆلی یانزەیەم بۆ بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی.
- **سنووری مرۆیی:** قوتابییانی پۆلی یانزەیەم.
- **سنووری شوێنی:** قوتابخانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی پارێزگای کەرکوك/ بەشی خوێندنی کوردی.
- **سنووری کات:** وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤- ٢٠٢٥.

**بابەتی خوێندن:** کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی- بابەتەکانی: (خەج و سیامەند، مۆسیقای کوردی، کەرکوك، جۆرەکانی پەخشان، پەخشانی کوردی، وتار، چیرۆك، شانۆنامە).

**شەشەم- دەستنیشان کردنی زاراوەکان:**

**یەکەم - کاریگەری:**

١. **المطرودی (٢٠٠٦):** بریتییە " بەڵگەی ئەو شتەیە کە پاشماوەی شتەکان دەردەخات، وەک ئەوەی پێی دەوترێت شتەکان چییان دەوێت و چیشیان لێ پەیدا دەبێت" (المطرودی، ٢٠٠٦،ل ٢٢).

**پێناسەی ڕێکاری:** بڕی ئەو گۆڕانکارییەیە کە لە ستراتیژییەتی ئاڕاستەکردنی بیرکردنەوە لە گەشەپێدانی خوێندنەوەی داهێنەرانەو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دوای تەواوکردنی ئەزموونەکە دێتە کایەوە.

**دووەم- ستراتیژییەت:**

**زیتون (٢٠٠١):** "بریتییە لە کۆمەڵە ڕێکارییەك کە پێشتر نەخشەکاری بۆ کراوە بە مەبەستی جێبەجێکردنی وانەوتنەوە و لە پێناوی هێنانەدیی ئامانجێکی دیاریکراو بەپێی ئەوەی بەردەستە و لە تواناداییە ئاڕاستە دەکرێت". (زیتون، ٢٠٠١،ل ٣٧٩).

**پێناسەی ڕێکاریی ستراتیژییەت:**

بریتییە لە کۆمەڵە ڕێکارییەك و چالاکییەك کە پێشتر نەخشەکاریان بۆ کراوە و توێژەر لە وتنەوەی وانە بە هەردوو کۆمەڵەکە بەکاریهێناوە، بۆ یارمەتیدانی قوتابییانی یانزەیەم بەپێی هەنگاوەکانی ستراتیژییەکانی چالاك کردنی قوتابی بە مەبەستی هێنانەدیی ئامانجە پێشوەختە دەستنیشان کراوەکان.

**سێیەم- ستراتیژییەتی ئاڕاستەکردنی بیرکردنەوە:**

**الشمری (٢٠١١):** "یەکێکە لە ستراتیژییەکانی خوێندنەوەی هەمەلایەنە، هاندەری خوێندنەوەی چالاك و زیادکردنی تێگەیشتنە و چوار پرۆسەو کردار لە خۆدەگرێت: (خوێندنەوە، پێشبینیکردن، بەڵگەهێنانەوە، سەلماندن" کە قوتابی لە میانییەوە فێری چۆنیەتیی دامەزراندنی مەبەستەکانی خوێندنەوە و دۆزینەوەی بیرۆکەی سەرەکی لە دەقەکە و گفتوگۆ کارلێکییەکەی نێوان مامۆستاو قوتابی و هەڵسەنگاندنی خۆیان". (الشمری، ٢٠١١،ل ٥٠).

**پێناسەی ڕێکاریی ستراتیژییەتی ئاڕاستەکردنی بیرکردنەوە:**

"کۆمەڵە هەنگاوێکە و خۆی لە خوێندنەوە و پێشبینیکردن و بەڵگەهێنانەوە و سەلماندن دەبینێتەوە، کە قوتابییانی پۆلی یانزەیەم نموونەی کۆمەڵەی ئەزموونی توێژینەوەکە بەپێی ئەو ستراتیژییەتە دەخوێنن کە گەشە بە خوێندنەوەیان دەدات و یادگەیان چالاك دەکات و بۆ شیکردنەوە و بەرئەنجامگیریش یارمەتییان دەدات).

**چوارەم- خوێندنەوەی داهێنەرانە:**

**شحاته (١٩٩٤):** "پرۆسەیەکی هەمەجۆرە، ئەو پرۆسە عەقڵییانەیان تێدایە کە خوێنەر پێیاندا تێدەپەڕێت و لە میانییانەوە دەگاتە بیرۆکەی ڕەسەن لە بەگەڕخستنی بیرۆکەی خوێندراو بە ڕێگەی دەگمەن. (شحاته، ١٩٩٤،ل ١٧).

**پێناسەی ڕێکاری خوێندنەوەی داهێنەرانە:**

ئەدا، یان چالاکییەکی عەقڵییە، مەبەست لێی گەشەپێدانییە لای قوتابییانی پۆلی یانزەیەم (نموونەی توێژینەوەکە) لە کاتی خوێندنەوەی وانە و بابەتی خوێندنەوە، کە دەبێتە مایەی هەڵهێنجانی ئەو بیرۆکەو ناوەڕۆکانەی ئەودیو وشەکانی دەقەکە و دووبارە ڕێکخستنەوە و بەستنەوەیان بەو ئەزموون و زانیارییانەی هەیەتی بۆ گەیشتن بە بیرۆکە و دەرئەنجامی نوێ و پێشبینیکردن و توانای بە بازاڕکردن لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەیەك کە توێژەر پێشتر دایڕشتبوو بەپێی تیۆری وەرگرتن کە کارامەییەکان لە میانی تاقیکردنەوەیەکەوە دەپێوێت کە توێژەر بۆ هەمان مەبەست ئامادەی کردووە.

**شەشەم- قوتابییانی پۆلی یانزەیەم:**

مەبەست لە پۆلی یانزەیەمی ئامادەیی (پۆلی پێنجەمی ئامادەیی) خوێندنی بابەتە مرۆڤایەتییەکان و زانستییەکان لە خۆدەگرێت و بریتییە لە پرۆسەی ئامادەکردن بۆ قۆناغی کۆتایی لە ئامادەیی ناوەندی تەمەنی خوێندکاران لە نێوان (١٥-١٧) ساڵان. (وەزارەتی پەروەردە، ١٩٩٠،ل ٩٠).

**بەشی دووەم**

**تەوەری یەکەم: تیۆری بونیادی و فێربوونی چالاك**

تیۆر، یان بیردۆزی بونیادی لە ماوەی نیوەی کۆتایی سەدەی بیستەم سەریهەڵدا و بریتییە لە کۆمەڵە لقێکی لاوەکی لە ڕووانگەی مەعریفییەوە، بە زۆریش پەروەردەکاران لە کاتی توێژینەوەکانیان دەربارەی نموونەی وانەوتنەوە، زیاتر بە لای ئاراستەی ئەوەوە دەچن کە پێی دەوترێت (سەربازگەی بونیادی). بە پوختەکردنەوەی بیرکردنەوەی ئەو پەروەردەکارانەش دەبینین جەخت لەسەر فێرکردن بە دەستپێشخەریی قوتابی و ڕۆڵی مامۆستا بەوپێیەی ئاسانکارەو جەختکردنەوە لە سەر دۆزینەوەکاری (الاستكشاف) و بونیادنانی ژینگەیەکی ناوپۆلی گونجاو و هاوکات ئەنجامدانی چالاکی کراوەتەوە. (الدليمى، وعبدالرحمن، ٢٠٠٨،ل ٢١٩).

لە سۆنگەی ئەوەی ئاماژەی پێدرا بۆمان دەردەکەوێت کە چەمکی تیۆری بونیادی سێ توخم و ڕەگەز لە خۆدەگرێت و بریتین لە:

١. ئەو زانینانەی پشووتر قوتابی هەیبووە.

٢. ژینگەی فێربوون بەو گۆڕانکارییە جۆراوجۆرانەی کە تێیدان.

٣. ئەو زانین و زانیاریانەی قوتابی لە هەڵوێستی فێرکردن و فێربوونی هەنووکەییدا بەریان دەکەوێت و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

لە ئەنجامی بوونی قوتابی لە ژینگەیەکی فێربوونی کۆمەڵایەتیی کارا، کارلێکی چالاك لە نێوان پێکهاتە مەعریفییەکانی پێشووتر و پێکهاتە مەعریفییە نوێیەکان لە کەشێکی فێربوونی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات و لە ئەنجامی ئەم کارلێکەشدا زانین و زانیاریی نوێ دێتە ئاراوە، دەکرێ لە میانی ئەم شێوەیەوە ڕوون بکرێتەوە. شێوەی (١)




**شێوەی (١) چەمکی تیۆری بونیادی (السامرائی، و رائد، ٢٠١٤،ل ٥٤)**

توێژەر پێیوایە کە ڕۆڵی مامۆستا لە سایەی تیۆری بونیادی، ڕۆڵێکی گرنگە، چونکە هانی قوتابی دەدات و بۆ فێربوون پشتگیریان دەکات و سەرنج و ئاگاییان بۆ تێکڕای ئەو شتانەی لە ناو پۆلدا دەوترێن ڕادەکێشێت، لەبەرئەوەی مامۆستای بونیادی پشت بە چەندین ڕێگەی وانەوتنەوەی هاوچەرخ دەبەستێت و نەخشەسازی بۆ ئەو چالاکییە کاراو کاریگەرانە دەکات کە بایەخی قوتابی دەورووژێنن و لەگەڵ سرووشتی قۆناغی تەمەنی قوتابییانیشدا دەگونجێت.

**دووەم- فێربوونی چالاك :**

سەرهەڵدانی دیارو ئاشکرای فێربوونی چالاك سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمە، وەکو یەکێك لە ئاراستە پەروەردەییە دەروونییە هاوچەرخەکان، ئەو ئاراستانەی کە کاریگەریی ئەرێنیی گەورەو بەرچاویان لەسەر پرۆسەی فێرکردنی ناو پۆل و دەرەوەی هەیە لەلایەن قوتابییانی قوتابخانەو زانکۆکانیش. (عواد، ومجدی، ٢٠١٠،ل ٢٠).

**سێیەم- ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاك:**

ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاك بە ڕەنگدانەوەی ئەو بیرکردنەوانە دادەنرێن کە تیۆری بونیادی بانگەوازیان بۆ دەکات و جەخت لەسەر گرنگی و بایەخی بونیادی زانیارییەکانی قوتابییان دەکاتەوە لە میانی کارلێکیان لەگەڵ ژینگەکانیان، ئەمەش دەبێتە مایەی گۆڕانکارییەکی سەرەکی لە پرۆسەی پەروەردەدا، بە جۆرێك لە جەختکردنەوەیان لەسەر ئەو هۆکارە سەرەکییانەی، کە کار دەکەنە سەر فێربوونی قوتابی، وەکو (کەسایەتیی مامۆستا و ڕێگەی ستایش و پەرۆشی و

قوتابخانەکەش) بگۆڕێت بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەو هۆکارە ناوەکییانەی کە کار دەکەنە سەر خودی قوتابی، واتە جەتکردنەوە لەسەر عەقڵی قوتابی وەکو (زانین و زانیارییەکانی پێشووتری و شێوازەکانی بیرکردنەوەی و پاڵنەرێتی بۆ فێربوون و توانای لەسەر چارەسەرکردنی زانیارییەکان) و هەموو ئەوانەی وا دەکەن کە پرۆسەی فێربوون لە لای واتادار بێت. (السید، وفوزیة، ٢٠٠٣،ل ٩٣).

**چوارەم- ستراتژییەتی ئاڕاستەکردنی بیرکردنەوە (DRTA):**

**چەمکەکەی:** "لە ستراتیژییـەکانی فێربوونی چالاکە و لە گرنگترین چالاکییەکانی فێرکردن و فێربوونی خوێندنـەوە و دەقەکانە، هەروەها باشترین هاوکاری و پاڵپشتییە بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی فێربوون بە جۆرە جیاوازەکانییەوە، بۆیە پێویستیی بە نەخشەکارییەکی پێشوەختە و ورد هەیە بەر لەوەی مامۆستا بچێتە ناو پۆلی خوێندنەوە و بە بایەخەوەش لە لایەن مامۆستاوە لە کاتی وانەکەدا بەکاربهێنرێت، ئەم ستراتیژییەتە پێویستیی بە لێهاتوویی و کارامەیی هەیە لە داڕشتنی پرسیارو خستنەڕووی لە کاتی خوێندنەوەو چۆنیەتیی وروژاندنی قوتابییان بۆ وەرگرتن و پێشوازیکردن لێی و تێگەیشتنی و وەڵامدانەوەیشی" (موسی، ٢٠٠٥،ل ٢٥٩).

"هانی خوێندنەوەی چالاك و زیادکردنی ئاستی تێگەیشتنیش دەدات و چوار پرۆسەی خوێندنەوە لەخۆدەگرێت کە بریتین لە: خوێندنـەوە و پێشبینیـکردن، بـەڵگەهێنانەوە و سەلماندن". (الشمری، ٢٠١١، ١٤٣).

توێژەر پێیوایە کە ستراتیژییەتی ئاڕاستەکردنی بیرکردنەوە لە میانی خوێندنەوەوە، هانی قوتابییان دەدات و لەسەر خوێندنەوە و بەکارهێنانی کارامەییەکانی خوێندنەوە بۆ گەیشتن بە بێژە و دەربڕینی دروست، هەروەها یارمەتیی ڕاستی و ڕەوانیی زمان لە کاتی خوێندنەوە دەدات، بۆ هەر زمانێك بە شێوەیەکی گشتی و بە شێوەیەکی تایبەتیش زمانی کوردی بۆ ئەوانەی بە زمانی کوردی نادوێن.

❖ **سیماو خەسڵەتەکانی ستراتیژییەتی ئاڕاستەکردنی بیرکردنەوە لە کاتی خوێندنەوەدا:**

١. گشتگیرە و هەموو ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکانی هەڵوێستەکانی فێرکردن رووماڵ دەکات و دەگرێتەوە و قوتابی و مامۆستاش لە سەرسامی و شۆکبووندا ناهێڵێتەوە، بە واتای ئەوەی توانای لەسەر دابینکردنی جێگرەوە و ڕێگەچارەکان بۆ هەموو هەڵوێستێك هەیە کە دەکرێ لە کاتی خوێندنەوەدا ڕوو بدەن.

٢. نەرمونییانە و توانای پەرەپێدان و وەڵامدانەوەی داواکارییەکان و گۆڕانکارییە نوێیەکان و پێشهاتەکانیشی هەیە.

٣. دەرفەتی بەشداریکردنی قوتابییان لە پرۆسەی فێربوون بە شێوەیەکی ئەرێنی دەڕەخسێنێت و وایان لێ دەکات ڕۆڵیان لە پرۆسەی فێربوونی کارادا هەبێت.

٤. ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی قوتابییان و ئاستی پێگەیشتنیان دەکات.

٥. بەشداری لە دابینکردنی دەرفەتی گەشەپێدانی توانستەکانی قوتابییان دەکات.

٦. بەشداری لە گەشەپێدانی هەندێك بەهای قوتابییان دەکات، وەکو ڕێزگرتن لە لای بەرانبەرو ئەوانەی دیکە و ئازادیی دەربڕین.

پرۆسەی پەیوەندیکردنی کارا لە نێوان هەموو لایەنەکانی پرۆسەی فێرکاریدا دابین و مسۆگەر دەکات. (عطية ٢٠١٨،ل ١٠٤).

❖ **گرنگیی ستراتیژییەتی ئاڕاستەکردنی بیرکردنەوە لە کاتی خوێندنەوەدا:**

١. هاندانی قوتابییان بۆ ئەوەی ببنە خوێنەری بیرمەند و چالاك.

٢. زانین و زانیارییەکانی پێشووتر لای قوتابی چالاك و نوێ دەکاتەوە.

٣. قوتابییان لەسەر ئەوە ڕادەهێنێت کە ئاستی تێگەیشتنی خۆیان لەو دەقەی دەیخوێننەوە هەڵبسەنگێنن.

٤. یارمەتیی خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەو سەلماندن و شرۆڤەکردن و دڵنیابوون دەدات.

٥. مەبەست لە خوێندنەوە دەستنیشان دەکات.

دەرهێنان و تێگەیشتن و وەرگرتنی زانیارییەکان. (الشمری، ٢٠١١،ل ١٤٣).

**پێنجەم – خوێندنەوەی داهێنەرانە:**

پرۆسەی خوێندنەوە بە یەکێك لە ئامرازەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان لە ڕووی کەلتووری و ڕۆشنبیرییەوە دادەنرێت و کلیلی زانستەکان و زانین و زانیارییەکانە ، یەکێکیشە لە سەرچاوەکانی پێکهێنا نی هوشیاریی زمانەوانی لای کەسەکان و ئەو پەنجەرەیەیە کە لێیەوە سەرنج لە کەلتووری ڕۆشبینریی گەلانی دیکە دەدەن، زێدەباری ئەوەی بناغەی هەر پرۆسەیەکی فێرکارییە، چونکە تاکەکان لە ڕێگەیەوە بیرکردنەوەی قووڵتر و دەوڵەمەندتر و هەمەڕەنگ تر بەدەست دەهێنن، خوێندنەوە لەو خاڵە جەوهەرییانەی ڕەوش و چوارچێوەی گەشەی تاکەکانە لە ڕووی عەقڵی و مەعریفییەوە، سەرباری ئەوەی لە ئامرازەکانی هێنانەدیی چێژو هاوسەنگیی دەروونیی تاکەکانە، هەروەها ئەو پەنجەرەیەشە کە لێیەوە سەرنج لە بەرهەمەکانی مرۆڤ دەدرێت لە بوارە جیاوازو هەمەجۆرەکانی ژیاند ا، زێدەباری ئەوەی کۆڵەگەیەکی گرنگی بونیادنانی کەسایەتیی تاکێکی خاوەن هوشیارییە. (النجار، ٢٠٢٢،ل ١٢٥).

**بوارەکانی گەشەپێدانی داهێنان:**

چەندین شێواز هەن دەکرێ لە گەشەپێدانی داهێناندا بەکاربهێنرێن، لەوانەش:

١. دامەزراندنی کۆمەڵەو دامەزراوەی شایستە بۆ پەروەردەکردنی زیرەکی و چاودێری کردنی داهێنان لای تاك.

٢. بەکارهێنانی شێوازی پێشبڕکێی زانستی.

٣. کردنەوەی پیشەنگا کە تیایدا داهێنەران کارو بەرهەمە داهێنراوەکانی خۆیانی تێدا بخەنەڕوو و نمایشی بکەن.
٤. دامەزراندنی یانەی زانستیی تایبەت بە کەسە داهێنەرەکان.
٥. بەشداری پێکردنی قوتابییە داهێنەرەکان لە چالاکیە هەمەجۆرەکاندا.
ڕێکخستنی وانەی ئارەزوومەندانە کە ناوەڕۆکی فراوانی هەبێت. (Kendy,2006,p 17)

**خوێندنەوەی داهێنەرانە:**

خوێندنەوەی داهێنانانە، یان داهێنانکاری، لە پێداویستییە سەردەمییەکانی ئەم سەردەمەی ئێستامانە کە تیایدا دەژین و بە ئاڵۆزی و گۆڕانکاریی خێراو یەك لە دوای یەك دەناسرێتەوە، هەروەها پێداویستییەکانی سەردەم لە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان و ئەمەکداری بەرانبەر پێداویستییەکانی گەشەپێدان و بەشداریکردن لە خوڵقاندنی نەوەیەکی داهێنەر، کە وا لە بابەتە خوێندراوەکان دەکەن ببنە سەرچاوەیەك و لە ڕێگەیەوە بیرکردنەوە و داهێنانی بیرۆکەی هەمەڕەنگ و دەگمەن بهێننە ئاراوە. (صلاح وشافي، ٢٠٠٣،ل ١٩٧).

**بەشی سێیەم**

**ڕێبازی – میتۆدی– توێژینەوەکەو ڕێکارییەکانی**

**یەکەم– ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژەر لە توێژینەوکەیدا پشتی بە ڕێبازی ئەزموونی بەستووە، ئەوەش لەسەر ئەزموونی توێژەر بونیادنراوە بۆ لێکۆڵینەوەی هەلومەرجی دەوروبەری خۆی (ربیع، ٢٠١٥، ل. ٩٢)، ڕێبازی ئەزموونی بە یەکێك لەو ڕێبازە گرنگانە دادەنرێت کە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەیەك دەدات لە شێوەی ڕێبازە بەکارهێنراوەکان لە زانستە سرووشتییەکان، لە چارەسەرکردنی کێشەکانیش بە ڕێگەیەکی زانستی نزیکترینیانە، چونکە توێژینەوەی زانستی، شێوازێکە پشت بە هەوڵی کۆنترۆڵکردن دەبەستێت بەسەر هەموو گۆڕدراوەکان و ئەو هۆکارانەی دەکەونە ژێر کاریگەریی روواڵەتییەوە، جگە لە یەك هۆکار نەبێت، ئەوەش گۆڕدراوی بە مەبەستی ڕێکوپێکی مەرجدارو دیاریکراوی ڕووداوێکە لە ڕووداوەکان، هەروەها تێبینی کردنی ئەو گۆڕاوانە لە ئەنجامی هەمان ڕووداو و شرۆڤەکردنی. (الجابری، ٢٠١١، ل. ٣٠٧).

**دووەم– دیزاینکردنی ئەزموونەکە:**

توێژەر پشتی بە یەکێك لە دیزاینە ئەزموونییە ڕاستەقینەکان بەست، لە سۆنگەی ئەوەی لەو دیزاید انەیە کە ڕیکوپێك و کۆنترۆڵکراوە، دیزاینی ئەزموونیش بریتییە لە پلانکاری و بەرنامەی کار بۆ چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە، بە واتای ئەوەی نەخشەدانانی هۆکارو هەلومەرجەکانی دەوروبەری دیاردە لێکۆڵراوەکانە بە ڕێگەیەکی دیاریکراو.

**دیزاینی ئەزموونی متمانە پێکراو لە ئەزموونەکە**

| کۆمەڵە | هاوسەنگی | تاقیکردنەوەی پێشەکی | گۆڕدراوی سەربەخۆ | گۆڕدراوی پاشکۆ (التابع) | ئامراز | تاقیکردنەوەی پاشەکی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ١. تەمەنی کات<br>٢. ئاستی خوێندنی باوان.<br>٣. توانای زمانەوانی.<br>٤. زانیارییەکانی پێشوو. | خوێندنەوەی داهێنەرانە بیرکردنەوەی رەخنەگرانە | ستراتیژیی ئاراستەی بیرکردنەوە | خوێندنەوەی داهێنەرانە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە | گەشەپێدانی خوێندنەوەی داهێنەرانە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە | خوێندنەوەی داهێنەرانە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە |

**سێیەم- کۆمەڵگەی توێژینەوەکەو نموونەکەی:**

**کۆمەڵگەی توێژینەوە:** ئەو دیاردە لێکۆڵراوەیە کە توێژەر لێی دەکۆڵێتەوە (ملحم، ٢٠٠٠، ل. ٢٦٩ ). بریتییە لە ڕەگەزە پەیوەندیدارەکان بە کێشەی توێژینەوەکە کە توێژەر دەیەوێ ئەنجامەکەی بەسەریدا بگشتێنێت (عباس واخرون، ٢٠٠٩، ل، ٢١٧)، ئەم توێژینەوەیەی ئێستا خوێندکارانی خوێندنی بەیانیانی لە قوتابخانەکانی دواناوەندی و ئامادەیی کوڕان لە ناوەندی پارێزگای کەرکوك بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣- ٢٠٢٤) لە خۆدەگرێت.

**نموونەی توێژینەوەکە:** هەڵبەتە ئەو نموونەیەی توێژەر هەڵیدەبژێرێت بەشێکە لەو کۆمەڵگە سەرەکییەی کە لێکۆڵینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت، دوای ئەوەی توێژەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دەستنیشان کرد، ئامادەیی (لووڕستان)ی کوڕانی بە مەبەست هەڵبژارد، ئەوەش بە هۆی هاوکاریکردنی کارگێڕیی قوتابخانەکە لەگەڵ توێژەرو پێشکەشکردنی هەر شتێك خزمەتی توێژینەوەکەی بکات.

**چوارەم- هاوسەنگیی کۆمەڵەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەر سوور بوو لەسەر ئەوەی بەر لە دەستپێکردنی ئەزموونەکەی لە هەندێك گۆڕدراو، هاوسەنگیی ئاماری لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکەیدا بکات، کە پێیوابوو کار دەکاتە سەر سەلامەتی ئەزموونەکەی، ئەو گۆڕدراوانەش ئەمانەی خوارەوەن:

١. تەمەن: هەژمارکردنی بە مانگ.
٢. ئاستی خوێندەواریی باوکان.
٣. ئاستی خوێندەواریی دایکان.
٤. نمرەکانی تاقیکردنەوەی پێشەکی لە تاقیکردنەوەی خوێندنەوەی داهێنەرانە.
٥. نمرەکانی تاقیکردنەوەی توانای زمانەوانی.

**ناوەندە هەژمار و لادانی پێوەری تەمەنی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە**

| کۆمەڵە | ژمارەی تاکەکانی نموونە | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | جیاکاری | بەهای تاقیکردنەوەی تائی | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمار کراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٥ | ٢٢٤.٨٨ | ٢٢.١٤٠ | ٤٩٠.١٨ | ٠.٠٣٢ | ٢.٠١ | ٤٨ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆل کراو | ٢٥ | ٢٢٤.٦٨ | ٢٢.٣٦٢ | ٥٢١.٦٧ | | | | |

**بەهای کای دووجای هەژمارکراو و خشتەیی و بەڵگەی ئاماریی گۆڕدراوی ئاستی خوێندەواریی باوکان**

| کۆمەڵە | ژمارە | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا | بەکالۆریۆس | بەهای کای دووجا | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | هەژمار کراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٢٥ | ٤ | ٤ | ٤ | ٦ | ٧ | ٠.٥٨٧ | ٩.٤٩ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆل کراو | ٢٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٥ | ٧ | | | |

**بەهای کای دووجای هەژمارکراو و خشتەیی و بەڵگەی ئاماریی گۆڕدراوی ئاستی خوێندەواریی دایکان**

| کۆمەڵە | ژمارە | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا | بەکارلۆریۆس | بەهای کای دووجا | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | هەژمار کراو | خشتەیی | |
| ئەزموونی | ٢٥ | ٥ | ٤ | ٤ | ٦ | ٦ | ١.٠٣٧ | ٩.٤٩ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆل کراو | ٢٥ | ٦ | ٥ | ٢ | ٥ | ٧ | | | |

**ئەنجامی شیکردنەوەی جیاوازیی یەک لایەنەی نمرەکانی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی پێشەکی خوێندنەوەی داهێنەرانەدا**

| کۆمەڵە | ژمارەی تاکەکانی نموونەکە | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | جیا کاری | بەهای تائی | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمار کراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٥ | ٤١.٦٧ | ١.٩١٤ | ٣.٦٦٣ | ٠.١٤٢ | ٢.٠١ | ٤٨ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆل کراو | ٢٥ | ٤١.٧٥ | ١.٧٨٤ | ٣.١٨٣ | | | | |

**ئەنجامەکانی شیکردنەوەی جیاکاریی یەك لایەنەی نمرەکانی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ توانای زمانەوانی**

| کۆمەڵە | ژمارەی تاکەکانی نموونەکە | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | جیاکاری | بەهای تائی | | نمرەی ئازاد | ئاستی بەڵگەداری ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمار کراو | خشتەیی | | |
| ئەزموونی | ٢٥ | ٤٠.٦٨ | ٥.٦٤٧ | ٣١.٨٨٩ | ١.١٣٤ | ٢.٠١ | ٤٨ | بەڵگەدار نییە |
| کۆنترۆڵ کراو | ٢٥ | ٣٩.٠٤ | ٤.٥١٤ | ٢٠.٣٧٦ | | | | |

**پێنجەم- کۆنترۆڵکردنی گۆڕدراوە دەرەکییەکان:**

گۆڕدراوی پاشکۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی چەندین هۆکارەوە، جگە لە هۆکاری ئەزموونی، بۆیە هەر دەبێت ئەو هۆکارانە کۆنترۆڵ بکرێن و تەنها دەرفەت بە گۆڕدراوی ئەزموونی بدرێت بۆ کارکردنە سەر گۆڕدراو ی پاشکۆ، چونکە گۆڕدراوی پاشکۆ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕێکارییەکانی تاقیکردنەوەکەوە، بۆیە پێویستە توێژەر بەلای کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕێکارییانەدا بچێت (عبیدات، واخرون، ٢٠١٣، ل. ٢٢٥- ٢٢٦).

**١. هەلومەرجی ئەزموونی و ئەو ڕووداوانەی لەگەڵیدا دێن:**

**٢. هەڵبژاردنی تاکەکانی نموونەکە:**

**٣. لە دەستدانی ئەزموونی –الاندثار التجريبي (دابڕان لە ئەزموونەکە):**

**٤. پێگەیشتن:**

**٥. هەردوو ئامرازی پێوەرەکە:**

**٦. لێژیی ئاماری (الانحدار الاحصائي)**

**٧. کاریگەریی ڕێکارییە ئەزموونییەکان:**

**شەشەم- پێداویستییەکانی توێژینەوەکە:**

**١. دیاریکردنی بابەتە زانستییەکان:**

توێژەر بەر لە دەستپێکردنی ئەزموونەکەی، ئەو بابەتە زانستییەی دیاریکردووە کە لێی دەکۆڵێتەوە، ئەویش بابەتەکانی کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی بڕیار لەسەردراو لە وەرزی یەکەمی خوێندن بە پۆلی یانزەیەمی ئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی 2025/2024 دەڵێتەوە.

**٢. ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە:**

نەخشەدانان بۆ وانەوتنەوە، بریتییە لە پرۆسەی ئامادەکردنی هزری و نووسین کە مامۆستا بەر لە دەستپێکردنی وانەکەی بە ماوەیەکی تەواو دایدەڕێژێت و ڕەگەزە جیاوازەکانی دابینکردن و هێنانەدیی ئامانجە دیاریکراوەکان لەخۆدەگرێت (زاير، وايمان، ٢٠١٤، ل. ٣٩٠)

**حەوتەم- هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە:**

مەبەست لە ئامرازی توێژینەوە: ئەو ئامرازەیە کە توێژەر بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە بەکاری دەهێنێت کە پەیوەستن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی و بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بەکاردەهێنرێن کە سەبارەت بە توێژینەوەکە دەخرێنەڕوو، یان دەرکردنی بڕیاری تایبەت بە پەسەندکردنی گریمانەکانی توێژینەوەکە، یاخود ڕەتکردنەوەی (عطية، ٢٠١٠، ل. ٢٠٣).

**یەکەم- تاقیکردنەوەی خوێندنەوەی داهێنەرانە:**

**دووەم- تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:**

**بەشی چوارەم**

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو شرۆڤەکردنیان**

- **ئامانجی یەکەم: زانینی کاریگەریی ستراتیژییەتی ئاڕاستەی بیرکردنەوە (DRTA) لە گەشەپێدانی خوێندنەوەی داهێنەرانە لای قوتابییانی پۆلی یانزەیەم لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی.**

**بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجە توێژەر ئەم گریمانە سفرییەی خوارەوەی داڕشتووە:**

نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە ئاستی بەڵگەداریی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەکانی قوتابیانی کۆمەڵەی ئەزموونی ئەوانەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردییان بەپێی ستراتیژییەتی ئاڕاستەی بیرکردنەوە (DRTA)و نێوان ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، ئەوانەی هەمان بابەتیان بەپێی ڕێگەی ئاسایی خوێندووە لە گەشەپێدانی خوێندنەوەی داهێنەرانە.

بۆ هێنانەدیی ئامانجی یەکەم و دڵنیابوون لە دروستیی گریمانەی یەکەم و دەرخستنی بەڵگەی جیاوازیی نێوان هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی کە بەپێی ستراتیژییەتی ئاڕاستەی بیرکردنەوە (DRTA) لە گەشەپێدانی خوێندنەوەی داهێنەرانە و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بەپێی ڕێگەی ئاسایی خوێند توێژەر تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بە بەکارهێنا.

**تاقیکردنەوەی تائی بۆ دەرخستنی جیاوازیی نێوان کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە گەشەپێدانی خوێندنەوەی داهێنەرانەدا**

| گۆڕاو | کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمار کراو | خشتەیی | بەڵگەداری |
| خوێندنەوەی داهێنەرانە | ئەزموونی | ٢٥ | ٥١.٤٨ | ٣.١٩٠ | ١٣.١٧٥ | ٢.٠١١ | بەڵگەدارە |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢٥ | ٤١.٧٢ | ١.٨٨٢ | | | |

ئەنجامەکان لە خشتەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی ئەوانەی بابەتەکانیان بەپێی ستراتیژییەتی ئاڕاستەی بیرکردنەوە (DRTA) خوێند، گەیشتە (٥٢.٤٨)، کەچی ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ئەوانەی هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێند گەیشتە (٤١.٧٢)، بەهای تائیی هەژمارکراویش گەیشتە

(١٣.١٧٥)، ئەمەش لە بەهای خشتەیی گەورەترە کە (٢.٠١١)یە لە ئاستی بەڵگەداریی (٠.٠٥)

- **ئامانجی دووەم: زانینی کاریگەریی ستراتیژییەتی ئاڕاستەیی بیرکردنەوە (DRTA) لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لای قوتابییانی پۆلی یانزەیەم بۆ بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی.**

**بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجە، توێژەر ئەم گریمانە سفرییەی دانا:**

نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە ئاستی بەڵگەداریی (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی، ئەوانەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردییان بەپێی ستراتیژییەتی ئاڕاستەی بیرکردنەوە (DRTA) خوێندو نێوان ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بەپێی ڕێگەی ئاسایی خوێند لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.

**یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامەکان:**

بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجەو دڵنیابوون لە دروستیی گریمانەکە، توێژەر تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ و دەرخستنی بەڵگەی جیاوازیی نێوان هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتەکانیان بەپێی ستراتیژییەتی ئاڕاستەی بیرکردنەوە (DRTA) لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە خوێندووە و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان بابەتیان بە پێی ڕێگەی ئاسایی خوێندووە.

**تاقیکردنەوەی تائی بۆ دەرخستنی جیاوازیی بەڵگەداری نێوان کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە (DRTA)**

| گۆڕاو | کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەری | بەهای تائی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمار کراو | خشتەیی | بەڵگەداری |
| خوێندنەوەی داهێنەرانە | ئەزموونی | ٢٥ | ١٠.٨٣ | ١.٠٢٨ | ٨.٦٠١ | ٢.٠١١ | بەڵگەدارە |
| | کۆنترۆڵکراو | ٢٥ | ٨.١٢ | ١.٢٠١ | | | |

ئەنجامەکان لە خشتەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن کە ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی ئەوانەی بە پێی ستراتیژییەتی ئاڕاستەی بیرکردنەوە (DRTA) خوێندیان گەیشتە (١٠.٨٣)، کەچی ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو ئەوانەی هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی خوێند گەیشتە (٨.١٢)، بەهای تائیی هەژمارکراویش گەیشتە (٨.٦٠١)، کە لە بەهای خشتەیی گەورەترەو (٢.٠١١) لە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٥).

**دووەم : شرۆڤەکردنی ئەنجامەکان:**

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیان دەرخست کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان کۆمەڵەی ئەزموونی کە بابەتەکانیان بەپێی ستراتیژییەتی ئاڕاستەی بیرکردنەوە (DRTA) خوێندو

کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگەی ئاسایی هەمان بابەتیان خوێند هەیە، ئەوەش لە هەردوو کارامەیی خوێندنەوەی داهێنەرانەو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، ئەو جیاوازییانەش لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونیدا بوو.

ئەمەش بەڵگەی بەڵگەداریی ئاماریی ڕوون و ئاشکرایە و بە واتای ئەوە دێت کە بەکارهێنانی ستراتیژییەتی (DRTA) دەبێتە مایەی باشترکردنی کارامەییەکانی قوتابییانی خوێندنەوەی داهێنەرانە لە میانی هاندانیان لەسەر پێشبینی کردن و دڵنیابوون و پێداچوونەوە، کە ئەمانە هەموویان پرۆسەی هزرین و بەشداری لە تێگەیشتنی قووڵی دەقەکان و لەدایکبوونی بیرۆکەی نوێدا دەکەن.

**سێیەم- دەرئەنجامەکان:**

١. ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە بوونی جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماریی نێوان ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە وانەکانیان بە پێی ستراتیژییەتی ئاڕاستەی بیرکردنەوە (DRTA) خوێند و ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە هەمان وانەیان بەپێی ڕێگەی ئاسایی خوێند لە کارامەییەکانی خوێندنەوەی داهێنەرانە دەرخست، کە لە بەرژەوەندیی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونیدا بوون، ئەم سەرکەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی ستراتیژییەتی (DRTA ) لە هاندانی قوتابییان لەسەر بەکارهێنانی پێشبینی کرند و دڵنیابوون و پێداچوونەوە، کە بریتین لە پرۆسەی هزری و بەشداری لە گەشەپێدانی خوێندنەوەی داهێنەرانە دەکەن لە میانی بەستنەوەی بیرۆکەکان و لە دایکبوونی وەڵامدانەوەی نوێ و تێگەیشتنی قووڵتری دەقەکان.

٢. هەروەها ئەنجامەکان بوونی جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماریی نێوان ناوەندە نمرەکانی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە دەرخست لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، جیاوازییەکەش لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونیدا بوو کە بەپێی ستراتیژییەتی (DRTA) فێربوون، دەکرێ شرۆڤەی ئەمەش بەوە بکرێت کە سرووشتی ئەو ستراتیژییەتە هاندانەی قوتابییانە لەسەر شیکردنەوەو شرۆڤەکردن و دووبارە بونیا دنانەوەی واتاو جیاوازیی نێوان ڕاوبۆچوون و ڕاستییەکان، کە ئەمانەش کارامەیی بنەڕەتین لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا.

**چوارەم- ڕاسپاردەکان:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی پێشکەش کرا، توێژەر ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوەی هەیە:

١. پشتبەستن بە ستراتیژییەتی ئاڕاستەی بیرکردنەوە (DRTA) لە وتنەوەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ قۆناغی ئامادەیی، چونکە کاریگەریی ئەرێنی لە گەشەپێدانی خوێندنەوەی داهێنەرانەو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لای قوتابییان هەیە.

٢. کارکردن لەسەر ڕاهێنانی مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی لەسەر بەگەڕخستنی ستراتیژییەتی (DRTA) لە ناو پۆلی خوێندن و لە میانی کۆڕو سیمیناری ڕاهێنەرانەو خولی پەرەپێدانی پیشەیی پەروەردەیی.

٣. دابینکردنی ستراتیژییەتەکانی بیرکردنەوەی ئاڕاستەکراو، لەوانەش (DRTA) لە ناو پلانەکانی خویندنی فەرمی و کتێبی ڕێبەری مامۆستا کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنەوە دەردەچێت.

٤. هاندانی مامۆستایان لەسەر دەستبەرداربوونیان لە ڕێگە کۆن و ئاساییەکانی وانەوتنەوەو گۆڕینیان بە ستراتیژییەتەکانی فێرکردن کە لەسەر بنەمای کارلێك و بیرکردنەوە و دۆزینەوەکاری بونیادنراون، ئەمەش بەشداری لە پەرەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی باڵا دەکات لای قوتابییان.

**پێنجەم- پێشنیازەکان:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە توێژەر ئەم پێشنیارانەی خوارەوەی هەیە:

١. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هاوشێوە لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن، وەکو (قۆناغی ناوەندی، یان زانکۆیی)، بۆ دڵنیابوون لە کاریگەریی ستراتیژییەتی (DRTA) لە گەشەپێدانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەکانی دیکە.

٢. فراوانکردنی خوێندنی کاریگەریی ستراتیژییەتی (DRTA) لەسەر کارامەییە مەعریفییە باڵاکانی دیکە، وەکو داهێنان و چارەسەرکردنی کێشەکان و تێگەیشتنی خوێندنەوەی قووڵ.

٣. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری لە نێوان ستراتیژییەتی (DRTA) و ستراتیژییەتەکانی فێرکردنی دیکەی وەکو: فێربوونی هەرەوەزی، یان ئەو فێرکردنەی لەسەر کێشەکان ڕاوەستاوە، بۆ زانینی ئەوەی کامیان کاریگەریترن لە گەشەپێدانی خوێندنەوەی داهێنەرانەو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.

پەرەپێدانی هۆکارو ئامرازە ژمارەییە کارلێکییەکانی فێرکردن، کە پشتگیریی پیادەو جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی ئاڕاستەی بیرکردنەوە (DRTA) دەکەن لە ژینگەکانی فێربوونی ئەلیکترۆنی یان فێرکردنی ئاوێتەیی.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

ئەمین، نووری عەلی. (٢٠١٣). ***ڕێزمانی کوردی***(چ.٣).چاپخانەی شەهاب.

حەسەن، فەرهاد عەزیز. (٢٠١٩). ***پێگەی زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژگاری پێش ئیسلامدا*** . چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

شوانی، ڕەفیق. (٢٠٠٨). **زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا**. چاپخانەی خانە.

عزيز، کەریم ئەحمەد. ( ٢٠١٩). ***پرۆگرامی پەروەردەیی.*** نارین.

**دووەم: سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی:**

إبراهيم، حسين. (١٩٩٤). ***علم النفس المعرفي.*** عمان: دار الفكر.

إبراهيم، حسين. (٢٠٠٩). ***دليل تنمية التفكير التحليلي.*** القاهرة: دار الصفوة.

إبراهيم، عبد الله. (٢٠٠٢). ***أسس علم النفس المعرفي.*** بغداد: دار الشروق.

إبراهيم، محمود. (٢٠٠٩). ***مهارات التفكير العليا.*** القاهرة: دار المعرفة.

أبو جادو، صادق، ونوفل، محمد. (٢٠٠٧). ***علم النفس التربوي.*** عمان: دار المسيرة.

أبو حطب، فؤاد. (١٩٧٢). ***علم النفس التربوي.*** القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية.

أبو زيد، أحمد. (١٩٩٩). ***الإنسان والعلم.*** بيروت: دار الكتاب العربي.

أحمد، عبد الله. (٢٠٢٣). ***استراتيجيات التدريس الحديثة.*** بغداد: دار الحكمة.

**سێیەم- سەرچاوەكان بە زمانی ئینگلیزی:**

Allen, M. J., & Yen, W. M. (1979). ***Introduction to measurement theory Monterey,*** CA: Brooks/Cole.

Beyer, B. K. (1995). ***Teaching thinking skills.*** New York, NY: Teachers College Press

Bloom, B. S. (1971). ***Handbook on formative and summative evaluation of student learning.*** New York, NY: McGraw-Hill.